عێراق بەیارمەتی لەبەرژەوەندی کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ هەرێم دەرکرد



وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بانکی ناوەندی عێراق مۆڵەتی دەداتە کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو لەگەڵ هەرێمی کوردستان و مەرجی دانانی سەرمایەی دو ملیار و 500 هەزار دیناریش هەڵگیرا.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بەبەد محەمەد بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەیاوەری شاندێك سەردانی بانکی مەرکەزی عێراقیان کرد و لەلایەن علی علاق پارێزگاری بانکی ناوەندی پێشوازی کران، لەکۆبونەوەیەکدا کە بەختیار حاجی محمد بەڕێوەبەری گشتی لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیا نیشتمانیەکان و کازم نامق بەڕێوەبەری گشتی لقی هەولێری بانکی ناوەندی و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچونی دامەزراوە دارایەکانی نابانکیەکان ئامادەی بون، باس لەگرفتەکانی کۆمپانیاکانی ئالوگۆڕی دراو لەگەڵ بانکی ناوەندی عێراق کرا لەسەر چەند خاڵێکی دیکەوتن.

سەبارەت بەڕێکەوتنەکە، لەڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، "تاوەکو رۆژی 31ی (ئازار/3)ی 2024

کەمپانیاکانی ئاوگۆی دراو لە هەرەمی کوردستان مافیان دەبێت رێکارەکانی (دمج) تەواو بکەن و گشت مەرجەکانی بانکی ناوەندی جێبەجێبکەن و بەپێچەوانەوە دوای ئەم کاتە مافی وەرگرتنی مۆڵەتیان نامێنێت لەلایەن بانکی ناوەندییەوە بۆ مۆڵەتی پلە -ە- وە -ب-".

ئەوەشخراوەتەوو، لەسەر داوای بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کەمپانیاکان مەرجی دانانی سەرمایەی دو ملیار و 500 هەزار دینار هەڵگیرا کەپێشتر وەك مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت دەبوایەکەمپانیاکان ئەم بڕە پارەیەلەبانکی ناوەندی عێراق دابنێن.

باسلەوەشکراوە، ئەو کەمپانیایانەی تەواوی مەرجەکانی بانکی ناوەندیان تەواو کردوەلەچەند هەفتەی داهاتو مۆڵەتی بانکی ناوەندییان پێدەدرێت.